# نادین گۆردیمەر

## ژنیك لە كیشوەری رەشەوە

و/ تارا شێخ عوسمان



# گۆردیمەر هەمیشە کاری بۆ ئەوە دەکرد کە دەرەئەنجامەکانی دەروونیی جیاکردنەوەی ئیتنیکی لە ناو کۆمەڵگە دەربخات

(نادین گۆردیمەر) چیرۆکنووس و رۆماننووسێکی باشووری ئەفریکایەو ساڵی (١٩٩١) خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشراوە. لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا باسی لەو پشێوییە ئەخلاقی و دەروونییانە کردووە کە بەهۆی دابەشبوونی ئیتنیکییەوە لە وڵاتەکەیدا سەریان هەڵداوە. ئەم خانمە بەشداریی کردووە لە ئەنجومەنی نووسەرانی باشووری ئەفریکاداو پێداگریی کردووە وڵاتەکەی جێنەهێڵێت و تاراوگە بە ئارەزووی خۆی هەڵنەبژێرێت، تەنانەت لە ترۆپکی سیستمی زاڵمانەی (رژێمی رەگەزپەرستیی سپیپێستەکان) لە باشوری ئەفریکادا.

نادین گۆردیمەر لە ناوچەی (سپرینگز، ترانسڤال) کە ناوچەیەکی پڕ لە کانی ئاڵتون بووە لە دەرەوەی (جۆهانسبێرگ)ی پایتەختی ئەفریکای باشوور، لە خێزانێکی دەوڵەمەند هاتووەتە دونیاوە، ئەم ناوچەیەش گۆڕەپانی رووداوەکانی یەکەمین رۆمانێتی بە ناوی (رۆژە درۆیینەکان)، کە ساڵی (١٩٥٣) بڵاوی کردووەتەوە. باوکی ئەو خانمە ئاڵتونچییەکی بەڕەگەز جولەکە بووەو لە لاتیڤیاوە هاتووەو دایکیشی بەڕەچەڵەک بەریتانی بووە. گۆردیمەر هەر لە منداڵییەوە شاهێدی ئەو بارودۆخ و زوڵمانە بوو کە کەمینەی سپیپێستەکان بەرامبەر ڕەشپێستەکان کردوویانە. ئەم خانمە لە قوتابخانەیەکی راهیبەکان خوێندوویەتی و یەک ساڵ لە زانکۆی (ویتواتر ستاند)ی جوهانسبیرگ خوێندوویەتی، بێ ئەوەی هیچ بڕوانامەیەک بەدەستبهێنێت ئەو زانکۆیەی بەجێهێشتووە، بە زۆریی دایکی کە پێی وابوو ئەو کچەی نەخۆشیی (لاوازیی دڵ)ی هەیە، ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە ماوەتەوە.

گۆردیمەر لە (٩) ساڵییەوە دەستی کردووە بە نووسین و یەکەمین چیرۆکی بە ناوی (ئەی سبەینێ دووبارە بگەڕێرەوە) لەو تەمەنەدا لە بەشی منداڵانی گۆڤاری (فۆرم-forum) کە لە جۆهانسبێرگ دەردەچوو بڵاوکراوەتەوە، ساڵی (١٩٤٩) یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی (رووبەڕوو) بڵاوکردووەتەوە، کە لە زۆربەی تۆماری بەرهەمەکانیدا باسی نەکراوە. لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا چەندین چیرۆکی لە زیاتر لە گۆڤارێکی ناوخۆییدا بڵاوکردەوە، ساڵی (١٩٥١) لە (نیویورکر) پەسەندکرا بۆ ئەوەی چیرۆکێکی بڵاوبکاتەوەو لەوکاتەوە ئیدی هەمیشە ئەو کارە دووبارە دەبووەوە. گۆردیمەر هەمیشە کاری بۆ ئەوە دەکرد کە دەرەئەنجامەکانی دەروونیی جیاکردنەوەی ئیتنیکی لە ناو کۆمەڵگە دەربخات، ئەوە بوو ساڵی ١٩٥٢ کۆمەڵە چیرۆکی «دەنگی نەرمی مار»ی نووسی و ساڵی ١٩٥٣ «رۆژە درۆیینەکان»ی نووسی، کە ئەمەیان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای ژیانی تایبەتیی خودی (گۆردیمەر) نووسرابوو. بابەتی رۆمانەکە باسی کچێکی سپیپێست دەکات بە ناوی (هێلین) کە هەستێکی زۆر نائارامی هەیە بەرامبەر ئەو تێڕوانینە تەسک و خواروخێچەی کە شارۆچکەیەکی بچووک هەیانە. لە دوای ئەوانەش چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی تری لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا نووسیوە، لەوانە: (جیهانی نامۆکان١٩٥٩، بۆنەیەک بۆ خۆشویستن١٩٦٣، جیهانی برژوای دواکەوتە١٩٦٦).

لەم رۆمانەی دواییدا گۆردیمەر پەیوەندیی نێوان خزمەتکارو خاوەن ماڵی خستۆتەڕوو، کە بە تەواوی رووخساری ژیانی لە باشووری ئەفریکادا

(نادین گۆردیمەر) چیرۆکنووس و رۆماننووسێکی باشووری ئەفریکایەو ساڵی (١٩٩١) خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشراوە. لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا باسی لەو پشێوییە ئەخلاقی و دەروونییانە کردووە کە بەهۆی دابەشبوونی ئیتنیکییەوە لە وڵاتەکەیدا سەریان هەڵداوە. ئەم خانمە بەشداریی کردووە لە ئەنجومەنی نووسەرانی باشووری ئەفریکاداو پێداگریی کردووە وڵاتەکەی جێنەهێڵێت و تاراوگە بە ئارەزووی خۆی هەڵنەبژێرێت، تەنانەت لە ترۆپکی سیستمی زاڵمانەی (رژێمی رەگەزپەرستیی سپیپێستەکان) لە باشوری ئەفریکادا.

# گفتوگۆ

بەرجەستەکردووەو قوڵیش بۆتەوە لە بارودۆخی شێتانەی ستەمگەری و ڕۆحی سێکسی بە تایبەتی کۆلۆنیال و لیبراڵیبوونی تەڵخ و ڕووکەشانەی هاووڵاتیانی سپیپێست، ئەوانەی خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەک بوون. هەروەک ڕۆمانی (بۆنەیەک بۆ خۆشویستن) سەرنج دەخاتە سەر یاسا توندو رەگەزپەرستانەکانی باشووری ئەفریکا، لەم ڕۆمانەدا دەربارەی پەیوەندییەکی خۆشەویستیی ناشەرعیی نێوان پیاوێکی رەشپێست و ژنێکی سپیپێست دەخوێنینەوە، کە بەشێوەیەکی جەرگبڕ کۆتایی دێت. ڤان دیڤیس خانمێکە شوی کردووە بە جولەکەیەکی ناسک بە ناوی بۆیس دیڤیس، هەموو هەوڵی خۆی بۆ گەڕان بەدوای مۆزیکی ئەفریکادا تەرخانکردووەو بۆ ئەمەش سەرانسەری ئەو وڵاتە دەگەڕێت. لەولاشەوە جیدیۆن چیبالۆ هونەرمەندێکی تازەکاری رەشپێستەو ژنی هەیەو چەند پەیوەندییەکی سۆزداریی لابەلای هەیە، خاتوو جیسی ستلۆیلیش خانمێکی ئازادو خانەخوێی نەیاری ئەو عاشقانەیە، کە یاساکانی وڵات دەبەزێنن. بۆیز ژنی هەیەو ژنەکەی ناپاکەو دەچێتە پاڵ خەباتی زۆرینەی رەشپێستەکەی باشوری ئەفریقا، (ئان) لەیەک کاتدا یاری بە هەست و سۆزی دوو پیاو دەکات.

(سەیری هەموویانی کرد، نەیتوانی باوەڕ بەو شتانە بکات کە لەبارەیانەوە دەیزانی، بەوەی لێرەو لە ماڵەکەیدا کتوپڕ ئەو (AK٤٧انە- جۆرە چەکێکە- وەرگێر)، هەڵبگرن کە تا ئێستا بەتەنها گۆرانییان لەبارەوە وتووە. بە جەستەیان و بە بێدەنگی ڕۆڵی مردن دەگێڕن و هاوکات گۆرانی دەڵێن. ئیدی زۆر بە لێزانییەوە فێری بۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمبێلەکان دەبن و بە وایەری کارەباییەوە دەیبەستن، بە ناو پووش و پاوانەکاندا دەجوڵێنەوەو زەوییەکان دەکێڵن، بۆ ئەوە نا کە درەختی لێ بڕوێنن تا سێبەر بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی مینی تێدا بچێنن. دەتوانێت بیان بینێت کە چەند بە شێوەیەکی خراپ ئازاریان دراوە، بەڵام ناتوانێت باوەڕ بەوە بکات کە ئەوان بتوانن ئازار بەکەس بگەیەنن) لە چیرۆکی (هاوڕێکان)ی کۆمەڵە چیرۆکی (باز بدە١٩٩١).

چیرۆک و کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمانەکانی گۆردیمەر هەر لە زووەوە بوونە جێگەی بایەخدانێکی جیهانی، بۆ نموونە ڕۆمانی (الصیانی) کە ساڵی ١٩٧٤ نووسیویەتی و تێیدا بەراورد دەکات لە نێوان جیهانی کۆمەڵێک لە پیشەسازیکارانی دەوڵەمەندی سپیپێست لە لایەک و نەریت و بیروباوەڕەکانی خێڵی زۆلۆ لە لایەکی تر، لە کاتێکدا ساڵی ١٩٧٩ ڕۆمانی (کچی بیرگەر)ی نووسیوە، ئەوەش لەکاتی ڕاپەڕینی (سۆیتۆ-soweto)و شوێنەوارە کارەساتبارەکەی. لەم ڕۆماندا کچێک هەیە کە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ باوکی زۆر چڕ دەکاتەوەو زۆر ناخۆشی دەچێژێت بە هۆی ئەو بزوتنەوەیەی کە دژی جیاکردنەوەو جیاوازیی ئیتنێکییە.

ڕۆمانی (هەستە جولی)ی ساڵی ١٩٨١ نووسیوەو لەم ڕۆماندا گۆردیمەر زۆر بە گەشبینییەوە بۆ ئایندە دەڕوانێت و ڕووداوەکانی سەبارەت بە خێزانێکی سپیپێستە لەو جەنگە هەڵدێن کە شاری (جۆهانسبێرگ)ی لەتلەت کردووەو خێزانەکە بە یارمەتیی خزمەتکارە ئەفریکاییەکەیان بەرەو گوندێک هەڵدێن، بۆ ئەوەی بگەنە کەنارێکی ئارام. هەروەک چیرۆکە سەرەتاییەکانی نادین گۆردیمەر زۆرتر یەک مەسەلەیان ووروژاندووە، ئەویش

# هەرگیز بیرەوەرییەکانم نانووسمەوە، چونکە زۆر پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانم دەکەم

دەربارەی ئەو ژینگە مێژوییە رەگەزپەرستانەیە بووە، کە ئەوی تێدا ژیاوەو کۆمەڵگەی کردووەتە دوو بەشەوە. لەوانەش کۆمەڵە چیرۆکی (شەش قاچ لە وڵاتیکەوە١٩٥٦، بۆ بڵاوکردنەوە نییە،١٩٦٥، هاورێیانی لیڤینگستون١٩٧١). لە چیرۆکی (مێژووی زارەکی) لە کۆمەڵە چیرۆکی (لەئامێزگرتنی سەربازان) دا کە ساڵی (١٩٨٠) نووسیویەتی، سەرکردەی گوندێک لایەنی سەرکوتکەران و ستەمکەرەکان دەگرێت، بەڵام دوای وێرانکردنی گوندەکە خۆی دەکوژێت، نادین زۆر بە ساردی کردەوەی کاراکتەرەکانی لە سەرکردەی دۆزەکان و لایەنگرە بکەرەکانی تاقی دەکاتەوە، بەوەش رووداوە تراژیدییەکان بە نەریتی دوورودرێژی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمەوە دەبەستێتەوە. لە پاشینەی ئەم چیرۆکەدا شەڕی سەربەخۆیی (زیمبابوی) بەرپا دەبێت لە ساڵانی (١٩٦٦-١٩٨٠)دا. نادین گۆردیمەر درەختی (موپان-mopane) وەک هێمایەک بۆ مەرگ و ژیان بەکاردەهێنێت، چونکە سەرکردەکە خۆی بەو درەختەدا هەڵواسی و خۆی خنکاند، مردووەکانیش لەژێر ئەو درەختەدا دەنێژن، لەکۆتاییدا ئەو درەختە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ماناکانی یەککرتوویی و هاوپەیوەست بوون بگەیەنێت.

(دەتوانرێت ئەو ژنانە ببینرێن کە تەنەکەو سەتڵی فافۆن و سەبەتەی پڕ لە قوڕ لە رووبارەکەوە دەهێنن و پێکەوە بە چیچکانەوە دادەنیشن و بەدەم قسەکردنەوە دەست دەکەن بە رووپۆشکردنی کوخەکان و کوخەکان بەرزدەبنەوە. هەر ئەو ژنانە ئەو بەستە قامیشانە هەڵدەگرن کە هەندێک جار لە باڵای خۆیان بەرزترەو بەو قامیشانەوە کە بەسەر سەر هەڵیان دەگرن لە پیتی (T)ی ئینگلیزی دەچن، دەنگی پیاوەکانیش لە درەختی موپانەکانەوە دەگەڕێتەوە، لەوکاتەدا ژنەکان چیلکە قامیشەکان هەڵدەبژێرن بۆ پتەوکردنی ساپیتەکان). نادین گۆردیمەر لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە لە جۆهانسبێرگ ژیاوە، لە ساڵی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا وانەی لە چەند زانکۆیەکی ئەمریکیدا وتووەتەوە. چەند کتێبێکی دیکەشی هەیە لەسەر بابەتی تایبەتی لە باشووری ئەفریکادا، هەروەک لەگەڵ (هۆگۆ کاسیریر)ی کوڕیدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری بە ناوی (هەڵبژاردنی دادپەروەریی ئالان بویساک) ئامادەکردووە. ئەم چاوپێکەوتنەی خوارەوەش کە لەگەڵ نادین گوردیمەردا کراوە لە لایەن (دوێت گارنەر)ەوە لە ماوەی نێوان (٩ بۆ ١٩)ی مارسی ١٩٩٨دا لەگەڵی ئەنجامداوە بە ناونیشانی (سەبارەت بە دووبارە رێکخستنەوەی رەگەزپەرستیی نوێ)..



نادین زۆر بە ساردی کردەوەی کاراکتەرەکانی لە سەرکردەی دۆزەکان و لایەنگرە بکەرەکانی تاقی دەکاتەوە، بەوەش رووداوە تراژیدییەکان بە نەریتی دوورودرێژی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمەوە دەبەستێتەوە

## تفەنگی ماڵ

رۆماننووسی ئەفریکای باشور (نادین گۆردیمەر) دەڵێت: (هەرگیز بیرەوەرییەکانم نانووسمەوە، چونکە من زۆر پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانم دەکەم و پەرۆشیانم. لەگەڵ ئەوەشدا گەر هەر ١٢ رۆمانەکەی ئەو خانمەو ١٥ کۆمەڵە چیرۆکەکەی بخوێنیتەوە، ناتوانیت هەست بەوە نەکەیت کە ئەوانە بەشێکن لە بیرەوەرییەکانی ئەو ژنە، چونکە لەماوەی ٧٥ ساڵی نووسینیدا تێڕوانینە سیاسی و بیروڕا ئەخلاقییەکانی بەهیچ شێوەیەک لەو هەستانەی جیاناکرێنەوە، کە بۆ باشووری ئەفریکاو بەرامبەر بە هەردوو دانیشتوانی (رەشپێست و سپیپێست)و ژیانیان هەیبووە. دەبێ ئەوەشمان

بیرنەچێت کە ئەو ژنە بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک بووە لەو وڵاتە، بەڵام ئەو چاوانەی کە وردەکاریی کاروباری ڕۆژانەو شەخسیی کەسەکانی ئەو وڵاتەی تۆمارکردووە، تێڕوانینێکی راستگۆیانەو تەواوی داوە بەدەستەوە.

ڕۆمانی (تفەنگی ماڵ) جیاواز نییە، ڕووداوەکانی لە باشووری ئەفریکا ڕوویان داوە، ئەویش لە قۆناغی دوای سیاسەتی جیاکاریی ئەتنیکی. ئەم ڕۆمانەی باس لە ژن و مێردێکی سپیپێستی ئەفریکایی دەکات ژیانیان تێکدەچێت، دوای ئەوەی کە تاقە کوڕەکەیان بە تۆمەتی کوشتنی کەسێک زیندانی دەکرێت. ئەوانیش پەنا بۆ پارێزەرێکی وریای ڕەشپێست دەبەن بۆ ئەوەی لەڕووی یاساییەوە سەبارەت بە دۆسییەی کوڕەکەیان ڕاوێژی پێبکەن. ڕەهەندی ئیمانداری لای ئەو ژن و مێردە شتێکە لەسەروو باوەڕکردنەوەیەو هەردووکیان لە قەیرانی ئیمانداریدا نقومبوون. زۆرێک لە نووسەرو ڕەخنەگران پێیان وایە (تفەنگی ماڵ) ڕۆمانێکی وشکەو بە ڕۆمانێکی وەستاو وەسفیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ڕاکانیان، لەگەڵیاندا نیم و من ڕایەکی دیکەم هەیە، چونکە توانای داهێنەرانەی (گۆردیمەر) لە وەسفکردن و شیکردنەوەی درامیی ئاکارێکی پەرێشاندا لە هەموو پەڕەیەکدا بە ڕوونی دیارە، ئەمەش وەک توانا دانسقەکەی لە تێبینی کردندا: وەک ئەوەی کە وەسفی پیاوێک دەکات کە کاتێک بە ڕێگەدا دەڕوات و براندی دەخواتەوە: موتسامی زۆر لە زمانی دەکات بۆ ئەوەی ئەو بەشە کەمە لە براندییەکە تام بکات کە ماوەتەوە، ئەو پیاوێکە دەمی خۆی خۆش دەوێت و چێژوەرگرتنەکانی دەناسێت: توانیویەتی ئەو هەستە شپرزەیە بپارێزێت کە منداڵێکی تازە لەدایکبوو هەیەتی و پاڵی پێوەدەنێت بۆ ئەوەی بۆ یەکەمینجار شیری دایکی بخوات).

ڕەنگە ڕۆمانی تفەنگی ماڵ لەڕووی چۆنایەتییەوە پۆلێن بکرێت بە باشترینیان، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ درەوشانەوەو سەرکەوتنێکی بەهێز، کە تا ئێستا زۆربەی نووسەران خەونی پێوە دەبینن، هەروەک ئەم ڕۆمانەی یەکەمین بەرهەمی ئەو خانمەیە کە دەبرێتە سەر شاشەی سینەماو لە شێوەی فیلمدا بەرهەم دەهێنرێت. ئەو ڕۆمانە بە نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ دۆلار فرۆشراوە بە کۆمپانیای (granada productions).

من خاتوو (نادین گۆردیمەر)م بینی و ئەم دیمانەیەم لەگەڵی ڕێکخست، لەوکاتەدا خاتوو گۆردیمەر لە شوقەی کوڕەکەی بوو لە شاری نیویۆرک. ئەم خانمە لە تەمەنیدا دوو جار هاوسەرگیریی کردووەو لەهەر یەکێکیان کوڕێکی هەیە. سەبارەت بە ڕۆمانەکانی و سەبارەت بە کەشوهەوای سیاسیی باشووری ئەفریکا چەند پرسیاریکمان لێ کرد. ئەم ژنە زۆر تایبەتپارێزە، هەندێک لە ڕووداوەکانی ژیانی خۆشی بۆ درکاندین:

**یەکێک لە کاراکتەرەکانی (تفەنگی ماڵ) پارێزەرێکی کارامەی ڕەشپێستە کە ژن و مێردە سپیپێستەکە هانای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی لە مەسەلەی تۆمەتبارکردنی کوڕەکەیان بە تۆمەتی کوشتن یارمەتییان بدات. پێدەچێت تۆ باسی ئەفریکای نوێ بکەیت؟**

-بە دڵنیاییەوە.

# پێیان دەوتین هەموو کچێکی سپیپێست (چەندە ناشرین و ناحەز)یش بێت سەرچاوەی پشێوی و وروژاندنە بۆ پیاوی ڕەشپێست

***تا چەند ئەو ڕۆمانە گوزارشت لە دۆخی ئێستا دەکات؟**

-ئەم شێوازە لە گۆڕانکاری بەزوویی تێدەپەڕێت، کاتێک بیردەکەیتەوە، من بۆ خۆم ناتوانم بڕوا بەوە بکەم، کاتێکیش بیر لەوشتە دەکەمەوە پێدەکەنم. (بۆتا)ی سەرۆکی پێشوومان دەبوو لە دادگا لەبەردەم دادوەرێکی ڕەشپێستدا بوەستێت، ئەم شتە دژیەکەش پێشتر بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات.

***بۆتا کەسێکی شۆڕشگێڕو یاخییە، وانییە؟ ئەو دەیەوێت لە دەست دادوەرە ڕەشپێستەکە ڕزگاری بێت (بۆتای سەرۆکی پێشووش تۆمەتبارە، چونکە ئەوەی ڕەتکردەوە کە هاوکاریی لیژنەی باشووری ئەفریکا بکات کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی ڕووداوەکان و یەکلاییکردنەوەی ململانێکان پێکهێنرابوو).**

-ئەوە وایە، بەڵام بە شێوازێکی جێبەجێیکاری، بە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیایەک. یارییەکە بەم شێوەیە بوو، ئایا دادوەرێکی ڕەشپێست لە زمانی ئەفریکایی تێدەگات؟ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە گوێگرتن لە شاهێدەکان، ئەمەش شتێکی نالۆژیکییە، چونکە هەر کەسێک بیەوێت ببێتە دادوەر لە باشووری ئەفریکا دەبێت زۆر باش هەردوو زمانی ئەفریکاناو ئینگلیزیی بزانێت، چونکە هەردوو زمانەکە زمانی ڕەسمیی ئەو وڵاتەن، ئەوەشی کە جێگەی بڕواکردن نییە (بۆتا)ی سەرۆکی پێشوو لە لایەن پیاوێکی ڕەشپێستەوە دادگایی کرا.

***بۆتا شتێکی ترسناکی درکاند، شتێک وەک هەڕەشە کە لە (لەخەو ڕابوونی پڵنگ) دەچوو، ئەمەش واتای تۆرەیی سپیپێستەکانی دەگەیاند.**

-لەو بڕوایەدام تەنها ٣٠ پڵنگ هەبوون، ئەوانیش پڵنگی ترسنۆک بوون، ئەمەش ئەو هێزە بوو کە هاتن بۆ ئەوەی پشتیوانی لە سەرۆکەکەیان بکەن، بەڵام لە دەرەوەو بە هەزاران ڕەشپێست هەبوون کە هاتبوون بۆ دەربڕینی خۆشی و شادییان بەبۆنەی ئیدانەکردنی بۆتا، لەبەرئەوەی ئەو پیاوە وەک هەر کەسێکی تر مامەڵەی لەگەڵ کرا، دەبوو بەرگەی ئاکامی خراپی ئەو کارانەی بگرێت کە کردبوونی.

***ئایا تۆ بۆتا دەناسیت؟ قەت چاوت پێکەوتووە؟**

-نەخێر، ئەوە مەحاڵە.

***ئەو کەسێتییەکی ئاڵۆزی هەیە، وا نییە؟**

-ئێمە ناومان نابوو تیمساحە پیرەکە.

***بەڵام بۆتا دەرگای کردەوە، بۆ گۆڕانکاری هەرچەندە ئەوە کەمیش بووبێت.**

-بەڵێ وای کرد، بەڵام وەک هەمیشە دەرگاکە دەرگای پشتەوە بوو، ئەو کارەی بەکردەوە کردی ئەوە بوو فرمانی دا کە بەڕێز نیلسۆن ماندێلا لە زیندان بهێننە دەرەوە بۆ ئەوەی چایەکی لەگەڵدا بخواتەوە، ئەمەش بەر لەوە بوو کە (ف. دی. کلێرک)ی جێگرەوەی بێتە سەرکارو ئیش و کارەکان بگرێتە دەست و دەست بکات بە گفتوگۆ بە مەبەستی گۆڕانکاری. ئەم پیاوە گفتوگۆی لەگەڵ نیلسۆن ماندێلا کرد، بەڵام ئەمانە بە هیچ پێودانگێکی دادپەروەری ناپێورێت، کاتێک بیر لە هەموو ئەو شتانە دەکەیتەوە بۆتا لە سەردەمی دەسەڵاتیدا کردوونی.

***ڕۆمانی (تفەنگی ماڵ) باس لە ڕووداوی کوشتنێک دەکات کە کوڕی خێزانێکی پایەداری سپیپێست ئەنجامی داوە، زۆر وردبووەتەوە لەوەی لەو خێزانەدا ڕووی داوە کاتێک ئەو شتە نائاساییەیان بەسەر هاتووەو ژیانیانی گۆڕیوە، نەک هەر ئەوەندە**



زۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکەن سپیپێستن و وەک کەسێکی کۆمەڵگەی سپیپێستەکان پۆلێنم دەکەن، زۆر بەدەگمەن کەسێکیان لێم دەپرسێت (ڕەشپێستەکان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە مامەڵە دەکەن؟). هەمووان گرنگی بە سپیپێستەکان و ژیانیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەی ئەوان کەمینەن

# گفتوگۆ

**بەڵکو گۆڕانکاریی لەو ژینگەیەشدا رووی داوە، کە ئەو خێزانەی تێدا دەژی و تێیدا جموجۆڵ دەکەن. ئایا ئەمە جۆرێک لە مەجازە بۆ ئەوەی کە بەسەر زۆرێک لە سپیپێستەکاندا هات کاتێک رژێمی رەگەزپەرستی لە باشووری ئەفریکادا نەما؟**

-باشە، ئەمە زۆر جیاوازە لەگەڵ سیستمی جیاکاریی ئیتنیکی، ئەو چیرۆکە پەیوەندیی هەیە بەسەر پەیوەندییە گەرموگوڕە مرۆییەکانەوەو چۆن یەکتری دەناسین، ئەو رۆمانە تیشک دەخاتە سەر چۆنێتیی تێگەیشتنی منالاّن لە دایک و باوکیان و بە پێچەوانەوە، ئەمە کرۆکی کتێبەکەیە. هەڵبەتە ئەمە لە هەوادا درووست نابێت، بەڵکو لە کاتێکی دیاریکراو و شارێکی دیاریکراودا، بەڵام من هەمان شت لەم شارۆچکەیەدا دەبینم، ئەویش چۆنێتیی ژیانە لە ژینگەیەکی دەستبەسەرگیراودا، ژینگەیەکی مەحکوم. زۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکەن سپیپێستن و وەک کەسێکی کۆمەڵگەی سپیپێستەکان پۆلێنم دەکەن، زۆر بەدەگمەن کەسێکیان لێم دەپرسێت (رەشپێستەکان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە مامەڵە دەکەن؟). هەمووان گرنگی بە سپیپێستەکان و ژیانیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەی ئەوان کەمینەن. لە بەرامبەردا گۆڕانکاریی گەورەو بنەڕەتی بەسەر ژیانی رەشپێستەکانیشدا هاتووە، تەنانەت ئەگەر هەندێ کەسی وەک ئێمە بیر بکاتەوەو پێی وابێت ئازادی و رزگاربوون لەو گۆڕانکارییانەدا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رزگاربوونە چەند کێشەیەکی تایبەت و لە جۆرێکی تر لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

***کەواتە ئایا لە کتێبەکانی تردا باسی ئەزموونی سپیپێستەکانت کردووە لە باشووری ئەفریکادا.**

-رەنگە ئەو کتێبانەمت خوێندبێتەوە کە ئەو باسانە دەکات، لە راستیدا ئەو شتانەی کە نووسیومن هەموویان لەو ئەزموونەدا کورت نابنەوە، بۆ نموونە رۆمانی (چیرۆکی کوڕەکەم)و (کەس نییە یاوەریم بکات) وەک ئەوە نین کە تۆ باست کردن، بەڵکو ناوەرۆکێکی جیاوازیان هەیە.

***ئەمە راستە کە دەگەڕێینەوە بۆ تیڕوانینی پەروەردەیی قۆناغی منالّیی تۆ، لە (نووسین و بوون) دا باست لەوە کردووە کە هەوڵت داوە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەی باشووری ئەفریکادا بکەیت، ئەوانەی کە سپیپێستیش نەبوون، تۆ باسی ئەوەت کردووە کە لەسەر ترسان لە پیاوانی رەشپێست پەروەردە کراوی، وا بڕوایان پێ هێناوی کە ئەو پیاوانە هەر کچێکی سپیپێست ببینن دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەری. هەروەک وتوتە کچانی رەشپێستیش بە هەمانشێوە لە پیاوانی سپیپێست ترسێندراون و وا خراوەتە هزریانەوە کە پیاوانی سپیپێست دەیانەوێت گورزیان لێ بوەشێنن.**

-ئەوانەی باست کردن راستە، ئەو حاڵەتەی دواییش زۆر باوبوو، زۆر پەیوەندیی نهێنی هەبوو کە دروستدەبوو و قوڵیش دەبووەوە بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێت تەواو وەک ئەوەی پێشتر لە ئەمریکای باشووردا رووی دابوو، ئەوەشی دەربارەی ترسمان لە پیاوی رەشپێست، ئەوە لەلایەن دایکمان و ژنانی ترەوە بۆمان باسدەکرا. فێریان دەکردین لە پیاوی رەشپێست بترسین، هەروەها پێیان دەوتین هەموو کچێکی سپیپێست (چەندە ناشرین و ناحەز)یش بێت سەرچاوەی پشێوی و وروژاندنە بۆ پیاوی رەشپێست.

***لە یەکێک لە کتێبەکانتدا ئاماژە بەوە دەدەیت**

# پێویستە لە هەموو وڵاتێکدا زمانی لەیەکگەیشتن و یەکترناسین هەبێت

**کە سپیپێستەکان لە باشووری ئەفریکادا میللەتی هەڵبژێردراون، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی ئاینی و عەقائدی هەیە، مەبەستت چییە لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە بۆ وەسفکردنی سپیپێستەکان؟**

-زۆر باشە، وەک دەزانین شتێک هەیە لای گروپی (ئەفریکانز)ی توندڕەو کە وا هەست دەکەن میللەتی هەڵبژاردەن، بەوەی لەو بڕوایەدان ئەوان شارستانییەتیان بردووەتە ناو ئەفریکاوە، ئەوانە گرنگییەکی زۆر دەدەن بە پاکیزەیی و ئیتنیک، ئایا ئەوەی وا بیربکاتەوە میللەتی هەڵبژێردراو نییە؟ بۆچی وا بیر بکەینەوەو وا بزانین کەم دەبین و لە بەهاو پاکیزەییمان کەم دەبێتەوە ئەگەر خوێنمان تێکەڵ بێت؟ بۆچی وا بیر بکەینەوە کە تێکەڵبوونی خوێن دەبێتە شتێکی ترسهێنەرو تۆقێنەر؟ ڕەنگە زۆر کەس وابزانێت خوێنەکەیان کە خانەی ڕەنگی سپییان دەداتێ تایبەتمەندی بێت و خواوەند ئەوانی خستووەتە پلەی باڵاوە! سەرەڕای ئەوەی ئەوان خۆیان ناونەناوە میللەتی هەڵبژێردراو، بەڵام ئەو شێوازی هەڵسوکەوتەیان ئاماژە بۆ ئەو نازناوە دەکات. ئەگەر (ئەفریکانزەکان- مەبەست ئەفریکییە سپیپێستەکانە- وەرگێڕ) پشتیان بە بیروباوەڕە ئاینییەکان بەستبێت و لەپشت ئەو بیروباوەڕانەوە وابکەن، بەڵام کەسانێکی تری نائەفریکانزیش هەمان شێوازەکەی ئەوانیان هەیە، لێرەدا بە تەنها لۆمەی ئەفریکانزەکان ناکرێت کاتێک سەیری سەردەمی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیی باشووری ئەفریکا دەکرێت.

***تۆزێک بەر لە ئێستا باسی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان و کۆتاییهێنان بە کێشەکانمان دەکرد، سەرنجی ڕۆمانەکەتم دا کە دووبارە دەرخستنەوەی ئەو واقیعەیە بۆ ئەو کردارەی ئەوکاتە ڕوویداوە، چونکە باسی گەیشتنە بە دوای چیرۆکێکی شۆکهێنەر، هەروەک ئەو چیرۆکە چەند بابەتێکی تریش لە خۆدەگرێت کە مرۆڤ هەڵواسراو دەمێنێتەوە لە نێوان مەسەلەکانی ئەدەب و ئاین و هتد...دا.**

-ئەوە ئەدەب نییە، لە ڕاستیدا ئەوە ئەقڵ و لۆژیکە، چونکە ژنەکە ژنێکی چاکەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئەدەبەوە نییە، لە بەرامبەردا مێردەکە (هارۆلد) پیاوێکی ئاینیی و خوێنەرێکی باشە، مەسەلەی بنەڕەتی کە هەوڵم داوە لەم کارەمدا چارەسەری بکەم و دەرییبخەم ئەوەیە، کاتێک دەکەوینە قەیرانێکی گەورەوەو مەترسییەک چاوەڕێمان بکات، ئەو بنەمایانە چین کە پشتی پێدەبەستین؟ ئەگەر کەسەکە ئایندار بێت، ئەوا چەند ڕێگەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر شتێک کە ڕوودەدات. لە لەدایکبووندا، لە مردن و لە کارەساتەکاندا. ئەگەڕێیتەوە بۆ لای خواوەند نوێژ دەکەیت و دەزانیت کەسێک هەیە دەتپارێزێت، بەڵام ئەو ژنە (کلۆدیا) ژنێک بوو هیچ بیروباوەڕو ئاینێکی نەبوو، هیچ شتێک نازانێت کارەکەی و مرۆیی بوونەکەی خۆی نەبێت، ئەوە دەزانێت کە پێویستە ئێمە نەبینە هۆی ئازارو ناخۆشی بۆ یەکتری و لەو بڕوایەدا خودی ژیان خۆی شتێکی پیرۆزە، بەڵام ئەوەی بۆ من بووە مایەی سەرسوڕمان ئەوە بوو کەس لەو ژن و مێردە نەیاندەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا بکەن، لەگەڵ هەبوونی ئەو بیروڕا جیاوازەی کە هەیانبوو. ئەو شتەی ڕووی دا وەک موعجیزەیەک بوو، کەسیان نەیاندەتوانی بەرگەی بگرن. دەتوانین



بۆچی وا بیر بکەینەوەو وا بزانین کەم دەبین و لە بەهاو پاکیزەییمان کەم دەبێتەوە ئەگەر خوێنمان تێکەڵ بێت؟ بۆچی وا بیر بکەینەوە کە تێکەڵبوونی خوێن دەبێتە شتێکی ترسهێنەرو تۆقێنەر؟

# گفتوگۆ

بڵێین چونیان بۆ لای پارێزەرە ڕەشپێستەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان وەک (پرۆسەیەکی فێرکردن وابوو).

***پارێزەرە ڕەشپێستەکە (پارێزەرەکەی هارۆڵدو کلۆدیا) سەرنجی ئەوەی دابوو ئەم ژن و مێردە توانایان نییە قبوڵی ئەو کێشەیە بکەن و دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن، لەمەشدا تواناییان کەمتر بوو لەو ژن و مێردە ڕەشپێستانەی کە ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبوونەوە، ئەوان هەرگیز شتی وایان بەسەر نەهاتبوو، هەربۆیە نەیدەتوانی لەگەڵی رابێن.**

-لەو بڕوایەدام کە سەرنجی پارێزەرەکە لەجێگەی خۆیدا بووە، چونکە کلۆدیاو هارۆلد لە سپیپێستەکان بوون و لە چینی مامناوەند بوون، لەو گروپە ئازادیخوازە بوون کە دروشمی (هەستی رەگەزپەرستیمان نییە)یان بەرز کردبووەوە. لەهەمان کاتیشدا ئەوان هەروا بێدەنگ بوون و هیچ شتێکیان نەکردووە لە پێناوی گۆڕانکاری لەو دۆخەی باشووری ئەفریکای تێدا بوو، تەنها شتێک کە کردبوویان دەنگیان دابوو لەدژی حکومەتە ناسیونالیستەکە، لە بەرژەوەندیی کەسانێک کە پەیوەندییەکی نزیکیان نەبوو بە گۆڕانکاری و نیازی ئەوەشیان نەبوو. کەواتە ئەم جۆرە کەسانە چۆن دەتوانن لە دۆخێکی ئاوا شەرمهێنەردا بژین؟ ئێستا چۆن سەیری خۆیان بکەن؟ وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەو خێزانە بۆ بەردەوامبوون لە ژیان پشتیان بەو پیاوە ڕەشپێستە دەبەست و ژیانی کوڕەکەشیان لە دەستی ئەو پیاوەدابوو. ئەم تێڕوانینەشی لەو شێوازی مامەڵەکردنەی ئەو ژن و مێردەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە هەمبەر ئەو دۆخەیاندا دەیاننواند و بەشێک بوو لە فەرهەنگ و ژینگەکەی، ناتوانایی ئەو ژن و مێردە لە کاردانەوەکانیانداو بەرگەنەگرتنی ئەو دۆخە ئاماژەیەکی گەورە بوو بۆ ئەو ژیانە بۆشەی هەیانبوو. ڕەشپێستەکان بە درێژایی قۆناغی ڕژێمی جیاکاریی رەگەزپەرستی لە ئەفریکادا لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون بەبەردەوامی خەڵک ببینن، دەچوونە زیندان و دەهاتنە دەرێ. ڕەنگ بوو ڕەشپێستێک لەسەر ئەوە دەستگیر بکرێت کە هاتووەتە دەرەوەو ناسنامەو بەڵگەنامەی هەڵنەگرتبێت، کە ڕەشپێستەکان لە شارێکەوە دەچوون بۆ شارێکی تر، بەردەوام تووشی دەستگیرکردن و لێپرسینەوە دەبوونەوە، چونکە بە لەیاسادەرچوو دادەنران، لەوکاتەدا مەرجێک نەبوو بۆ ئەوەی کەسێک زیندانی بکرێت، گرنگیش نەبوو تاوانێک بکەن بۆ ئەوەی بچنە زیندانەوە، ئەوەش ڕووی دەداو زۆریش ڕووی دەدا، خەم و ناخۆشی هەموو لایەکی دەگرتەوە، من لەو بڕوایەدام خەڵکی لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون. ئەو تێبینییەی پاریزگارەکە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئەو شتە لە سپیپێستەکان ڕووی نەدەدا تەنها لەوکاتەدا کە تاوانێکیان دەکرد، هەر لەبەر ئەوەش هێزی بەرگەگرتنیان لە ڕەشپێستەکان کەمتر بوو، کە ڕووبەڕووی کێشەی لەو جۆرە دەبوونەوە.

***ئایا بوونی دوو زمانی ڕەسمی بۆ قسەکردنی گشتی کێشە بوو؟**

-ئێمە چەندین زمانمان هەیە، بڕوا دەکەی یان نا، ئێمە یانزە زمانی بەکارهێنراومان هەیە. زۆر سودمان لە (هیند) وەرگرتووە، چونکە لەو وڵاتەدا زمانی زۆر زیاتریان هەیە. پێویستە لە هەموو وڵاتێکدا زمانی لەیەکگەیشتن و یەکترناسین هەبێت و لەگەڵ

# ڕەنگە کەسێك یان دوان هەبن لە دوو شوێنی ئەم جیهانە من ستایشیان دەکەم و ڕێز لە ڕەخنەکانیان دەگرم

تێپەڕبوونی کاتدا ئەو دۆخە دەبێتە شتێکی لۆژێکی و پەسەندکراو وەک زمانی ئینگلیزی، ئەو زمانە لە پلەی یەکەمدایەو پەنجەرەیەکە بەڕووی دنیای دەرەوە. دووەمیش ئەو زمانە زمانێکی ڕەسمی و زمانی بازرگانیشە، چونکە لە هەرکوێییەک کار بکەیت دەبێت زمانی سەرەکی بزانیت، ئێمە لە باشووری ئەفریکادا بەو دوو زمانە ڕاهاتووین کە ئەویش زمانی ئەفریکاناو زمانی ئینگلیزییە، هەموو شتەکان وەک ئاگادارییەکانی حکومەت و ریکلامە گشتییەکان و تەنانەت ڕێنماییەکانی ناو هێڵەکانی ئاسمانی ئەفریکادا زمانی باو هەردوو زمانی ئینگلیزی و ئەفریکانایە. ئەم مەسەلەیە تۆزێک ئاڵۆزە، بۆ نموونە لە قوتابخانەکاندا، زمانی لێکگەیشتن و فێرکردنەو ئەمەش وەستاوەتە سەر ئەو ناوچەیەی کە کەسەکەی تێدا دەژی، واتە پشتی بەستووە بەو هەرێمەی تێیدا دەژی، بۆ نموونە ئەگەر لە هەرێمی سیتسواناندا بژییت ئەوا زمانەکەت سیستوانی دەبێت، بەڵام زمانی نێوەندکار زمانی ئینگلیزی دەبێت و دەبێتە ئامرازی لێک تێگەیشتن لە قوتابخانەکاندا. بەڵام لە ناوچەی زۆلۆ، زمانی سەرەکی زمانی زۆلۆییەو دیسان زمانی نێوەندکار زمانی ئینگلیزی دەبێت. لەو ناوچانەشی کە زمانی ئەفریکانا زۆر بەربڵاوە، ئەوا زمانی ئەفریکانایی و زمانی ئەفریکایی دەبنە زمانی نێوەندکار. وەک وتم ئەمە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام مادەم زمانێکی وەک ئینگلیزی هەیە ئەوەش دەبێتە زمانی یەکترناسین و لێکگەیشتن و کێشەکە ئاسانتر دەبێتەوەو کێشەی زمانیش کۆتایی دێت. بۆ نموونەش چەند ئەندام پارلەمانێک دەیانەوێت بە زمانی زکماکی خۆیان قسە بکەن لە پارلەماندا، ئەوا ئەو مافەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە وەرگێڕیشی لێیە، بەڵام کێشە درووست دەکات، بەڵام کێشەکان بنەڕەتی نین و بە ئاسانی تێدەپەڕن.

***جگە لە مەسەلەی زمان، وەک نووسەرێکی باشووری ئەفریکاو لە ڕێگەی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەتەوە، ئەو شتانە چیبوون کە لەو دۆخەی ساڵانی ڕابردوودا زۆر تووشی شۆکی دەکردیت؟**

-باشە چەند مەسەلەیەک هەبوون، یەکەمیان جۆهانسبێرگ، لەوێ وەک نەریتێک کەسانی ڕەشپێست بە تایبەت پیاوان وا باوبوو بەیانیان دەچوونە دەرەوە بۆ کارکردن و ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێدەکردو شەوانە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان. بە شەوان ئەو شارە چۆڵ دەبوو لە خەڵک، سەرەڕای ئەوە تا قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بۆیان نەبوو لە دوای سەعات (٩-١٠)ی شەو لە دەرەوە بمێننەوە، چونکە دوای ئەوکاتە گەر لە دەرەوە بونایە ئەوا دەستگیردەکران و زیندانی دەکران؟ بەڵام ئێستا ئەوان ئازادانە بە جۆهانسبێرگدا دەسوڕێنەوە، بۆ ئەوەی بیکەنە شاری خۆیان. سەنتەری جۆهانسبێرگ ئێستا بە تەواوی گۆڕدراوە، ئەو شارە ئێستا لە زۆربەی شارە ئەفریکییەکانی تر دەچێت، پڕە لە فرۆشیاری سەرشۆستەکان و شۆستەکان لە ڕێبواران جمەیان دێت، هەموو شتێک کڕین و فرۆشی پێوە دەکرێت و ئارایشگاکانی جوانکاری دەبینرێن، ڕێستۆرانتی خواردنە خێراکانیش لە هەموو شوێنێک دەبینرێن. ئەوەی جێگەی سەرنجە چاوەڕوان نەدەکرا ئەو شارە وا جەنجاڵ بێت، چونکە پێشتر بۆ کەمینەیەکی سپیپێست درووستکرا بوو، ئێستا پڕ لە خەڵکەو هەمووان بە ئازادی تێیدا دەسوڕێنەوەو



لەوانەیە کتێبەکان منیان لەوە ڕزگار کردبێت کە ڕەنگە گەورە بوومایەو وەک ئەو کەسانە بیرم بکردایەتەوە کە لەگەڵیاندا دەژیام، ئەوانەی وا بیریان دەکردەوە تەنها ڕێگە بۆ ژیان ئەوەیە ئەو دۆخە قبوڵ بکەیت، کە لەو ژینگەیەدا تێیدا دەژیان، بەڵام کتێب جیهان لە بەردەمدا ئاوەڵادەکات.

ئێستا ژمارەی رەشپێستەکان چەندین ئەوەندەی سپیپێستەکانە، کە دەچیتە سۆپەرمارکێتەکان ژن و پیاوی دەوڵەمەندی سپیپێست دەبینی و لەولاشەوە چینێکی نوێی ژن و پیاوی رەشپێست دەبینیت، کە لە رێستۆرانت و سەنتەرەکانی بازرگانی نان دەخۆن. لەبەر ئەوە دەبینین هەمووان بە شێوەیەکی سروشتی جموجۆڵ دەکەن و هەرکەس بەپێی چینە ئابوورییەکەی خۆی. هەرچەندە خەڵک گلەیی ئەوەیان هەیە شارەکەیان پیس و چەپەڵە، تا ئێستا سیستمی پاککردنەوەی بۆ ئەو شارە دانەنراوە، بەڵام بە هەرحاڵ شارێکی ئەفریکاییە. ئەمەش باشترە لەوەی شوێنێکی پاک بێت، بەڵام رەشپێستێک نەبینین لە رێستۆرانتێک نان بخوات.

***پرسیارێکی جیاوازت لێدەکەم، لە کتێبی (نووسین و بوون)دا باس لە منداڵیی خۆت دەکەیت لە باشووری ئەفریکادا و باس لەوە دەکەیت کە وات هەست کردووە لە قوڵایی نەخشەی جیهاندا دەژیت، ئایا ئەو هەستەت نەگۆڕدراوە؟**

-بەلای منەوە ئەو مەسەلەی دەمێکە گۆڕدراوە، من لە شارێکی بچووک بە ناوی (تەعدین) پەروەردەکراوم و گەورە بووم، ئێمە هەموو بەهاو بنەماکان لە باوانمانەوە وەردەگرین، جگە لەوەش هیچ شتێکی تر نییە! ئایا ئەوان نموونەی باڵامان نین بۆ وەرگرتن و بینینی رۆڵەکان؟ ئینجا دەگەینە قۆناغێک بۆ وەرگرتنی ئەرکەکان، جا ئەگەر مرۆڤێکی زیرەک بیت دەستدەکەیت بە پرسیارکردن لەو بەهاو رۆڵانەی کە پێت دەدرێت، دەکەویتە بیرکردنەوە لەخۆت بۆ ئەوەی روونکردنەوەت دەست بکەوێت، لەوکاتەدایە کە پەیوەندییەکانت دەست دەکەن بە سەرهەڵدان، جا ئەگەر لە شوێنێکدا بیت کە شتی سەیری زۆر تێیدا روویدات. بۆ نموونە دەڵێیت من دەچم بۆ قوتابخانەی (دێر)ەکە جگە لە منداڵی سپیپێست کەسی تر نابینم، گەر بچم بۆ سینەماش هەمان شت دەبینم؟ هەمووان هەر سپیپێستن؟ ئایا بۆم هەیە کتێبخانە بەکاربهێنم لە کاتێکدا بۆ رەشپێست نییە ئەو کارە بکات؟ بۆیە ئەو شتە روودەدات، چونکە رەشپێستەکان خوێندەوارییان نییە، یان لەبەرئەوەیە نایانەوێت بخوێننەوە؟ ئایا لەبەرئەوەی ئەوان حەزیان لە فیلمەکان نییە، بۆیە ناچن بۆ سینەما؟ کاتێک ئەم جۆرە پرسیارانە لە نێوان تۆو خۆتدا دروستدەبن، لەوە دەگەیت کە ئەوەی روودەدات شتێکی ناسروشتییە. سەبارەت بە من خوێندنەوە زۆر گرنگ بوو، زۆر دەمخوێندەوە، لەکاتی خوێندنەوەو لە رێگەی خوێندنەوەوە پرسیارەکانم سەریان هەڵدەدا. بۆ نموونە کاتێک رۆمانی (دارستان)ی (ئەبتۆن سنکلیر)م خوێندەوەو لە شێوازی ژیانی خەڵکی شیکاگۆ وردبوومەوە، ئەوەم دۆزییەوە کە وەسفەکەی زۆر نزیک بوو لە دۆخی ئەو رەشپێستانەی لەماڵاندا ئیشیان دەکرد. ئیدی دەستم کرد بە پرسیارکردن: بۆچی؟

***رەنگە کتێبەکان تا رادەیەک تۆیان رزگار کردبێت؟**

-لەو بڕوایەدام کە منیان رزگارکردووە، دوور نییە منیان لەوە رزگار کردبێت کە رەنگە گەورە بوومایەو وەک ئەو کەسانە بیرم بکردایەتەوە کە لەگەڵیاندا دەژیام، ئەوانەی وا بیریان دەکردەوە تەنها رێگە بۆ ژیان ئەوەیە ئەو دۆخە قبوڵ بکەیت، کە لەو ژینگەیەدا تێیدا دەژیان، بەڵام کتێب جیهان لە بەردەمدا ئاوەڵادەکات.

***ئایا بەهۆی کاری سیاسییەوە رووبەڕووی کێشەی داماڵینی رۆشنبیریی کتێب بوویتەتەوە؟**

# دایکم، من و هەموو ئەندامانی تری خێزانەکەمی کردبووە ئەندامی کتێبخانەی نیشتمانی

-ڕەنگە ئەوە بە ڕوونی دیاربێت بەهۆی ئەوەی هەندێک کتێب لە کتێبخانەدا نەبوو، بەڵام هەموو باشییەکە دەگەڕێتەوە بۆ دایکم، چونکە کە منداڵ بووین ئەو شتی بۆ دەخوێندینەوەوە تا تەمەنم گەیشتە ٦ ساڵان، دوای ئەوە من خۆم دەستم کرد بە خوێندنەوە. دایکم من و هەموو ئەندامانی تری خێزانەکەمی کردبووە ئەندامی کتێبخانەی نیشتمانی. خێزانەکەمان خێزانێکی دەوڵەمەند نەبوو، کتێبی زۆریشمان نەبوو، خۆشمان خێزانێکی ڕۆشنبیری پلە یەک نەبووین، دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت ئەوکاتە تەلەفزیۆنمان نەبوو، هەربۆیە ڕێگەکانی پەیوەندیکردن و کرانەوە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا زۆر کەم و سنوردار بوون.

***لەو بڕوایەدام لەوکاتەدا دانراوە نووسراوەکانی نووسەرانی ڕەشپێست کەم بوون.**

-بەڵێ، ئەوکاتە ئەو بەرهەمانە کەم بوون. بە هەرحاڵ ئەوکاتە وەک ئێستا کتێب وا بە زۆری چاپ نەدەکرا.

***تۆ وتوتە هەرگیز یاداشتەکانت یان ژیاننامەی خۆت نانووسیتەوە؟**

-نەخێر.... هەرگیز.

***بۆ؟**

-لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان سەرەڕای ئەوەی ژیانی هەندێک کەس سەرنجڕاکێش و پڕە لە شتی ناوازە، بەڵام بە لای منەوە گەر ئەو شتانە لە چوارچێوەی یاداشت و بیرەوەریدا بنووسرێنەوە نووسەر لە هێڵی داهێنان و ئەفراندن لادەدات، چونکە بیرۆکەی تازە نامێنێت، ئەوەی کە بە دەستییەوە دەبێت گێڕانەوەی چیرۆکە تایبەتەکانی خۆی دەبێت. هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە من زۆر پارێزگاری لە شتە نهێنی و تایبەتەکانی خۆم دەکەم، ژیانی تایبەتی خۆشم بە تەنها موڵکی خۆمەو سەر بە منەو هی هیچ کەسێکی تر نییە، هی خۆم نەبێت، دەمەوێت بیانپارێزم و بۆ خۆمیان هەڵگرم.



من زۆر پارێزگاری لە شتە نهێنی و تایبەتەکانی خۆم دەکەم، ژیانی تایبەتی خۆشم بە تەنها موڵکی خۆمەو سەر بە منەو هی هیچ کەسێکی تر نییە، هی خۆم نەبێت، دەمەوێت بیانپارێزم و بۆ خۆمیان هەڵگرم

***قەت ئەوەیان پێوتویت کە زۆربەی خوێنەران بایەخ دەدەن بە خوێندنەوەی چیرۆکی ژیانی ئەو نووسەرەی کە خۆشیان دەوێت و سەرسامن بە بەرهەمەکانی؟**

-ئەمە نابێتە شتێکی نائاسایی بۆ من، بەڵام من دەڵێم بەداخەوەم بۆ ئەوە.

***گەڕانەوە بۆ جۆهانسبێرگ: ئایا ئەمە شتێکی پێویست بوو بۆ تۆ وەک نووسەرێک کە لە شاردا بژیت، بگوازیتەوە بۆ ژیانێک کە خۆت بە جۆرێک لە وروژاندنی ژیانی بوهێمی وەسفی دەکەیت؟**

-بەڵێ، لەو بڕوایەدام ئەوە زۆر گرنگ بوو، هەر واشم کرد، هەروەها بۆ من ئەوە یەکەمین جارم بوو کە بە ئاسانی لە باشووری ئەفریکادا بژیم. بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە، بۆ ئەوە بوو کە لە ناو خەڵکی ڕەشپێستدا بژیم، بۆ ئەوەی کە هەندێکیانم بۆ ئاشکرا بێت، لەگەڵ ئەوەی ژیانیان لە ژیانی من زۆر زەحمەتتر بوو. بۆ ئەوەی هاوبەشیم بکەن لەو ئارەزووانەی من هەمە، پێکەوە ئەزموونی نووسین و نیگارکێشانمان دەکردو لەگەڵیاندا سەبارەت بە زۆر شتی هاوبەش دەکەوتمە مشتومڕەوە، زیاتر لەوەی لەگەڵ کەسانی سپیپێستدا هەمبوو لە شاری تەعدین.

***ئایا کاتێک منداڵ بوویت دوای زانکۆ دەچوویت بۆ جۆهانسبێرگ؟**

-لەوکاتەدا نەدەچووم بۆ ئەوەی لەوێ بژیم، بەڵام باپیرو نەنکم لە جۆهانسبێرگ دەژیان، ئەوەش

# گفتوگۆ

چێژێکی گەورەی هەبوو کە بچیت بۆ ماڵی باپیرو نەنکت، بچیت بە شارەکەدا گەشتێک بکەیت و چاو کێک لە یەکێک لە ڕێستۆرانتە جوانەکاندا بخۆیت و دوایی بچیت بۆ باخچەی ئاژەڵان و سینەما بۆ ئەوەی یەکێک لە نواندنە بێدەنگەکان ببینیت، ئەمە چێژی راستەقینەیە. کاتێکیش لە شاری تەعدین تۆزێک گەورە بووم، بۆم دەرکەوت جیهانی بیرکردنەوە لەوێ بوونی نییە، تەنها ئەو کەسانەی لێبوو کە چاودێریی یەکتریان دەکردو بووبوونە سیخوڕ بەسەر یەکترەوە. لە ڕێگەی کتێب و نووسراوەکانەوە بە جیهانی بیرکردنەوە ئاشنا بووم، لە تەعدین نەمدەتوانی سەبارەت بەوە قسە لەگەڵ کەس بکەم، ئەوەش رووی نەدا تا چوومە جۆهانسبێرگ، بەڵام نەچوومە ئەوێ تا لەوێ بژیم، تەنانەت ئەوکاتەی لە زانکۆش بووم ئەوەش تەنها یەک ساڵ بوو، نەچووم بۆ ئەوەی لەوێ بژیم تا ئەوکاتەی هاوسەرگیریم کرد ئەویش لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بوو، چونکە مێردەکەم لەوێ دەژیا.

***هەندێک لەوانەی گرنگی بە تۆ دەدەن سەرنجی ئەوەیان داوە کە تۆ وەک هەندێک نووسەری تری ئەو نەوەیەی خۆت باشووری ئەفریکات بەجێنەهێشتووە، بۆ نموونە نەچوویت بۆ لەندەن یان بۆ شارەکانی تری ئەورووپا، ئیدی نازانم ئەوە راستە یان نا؟**

-نەخێر نەچووم، بەڵام لە سەرەتادا ژیانم زۆر سەخت و جەهەننەم ئاسا بوو. لە باشووری ئەفریکا بۆ ماوەیەک بیرمان لەوە کردەوە کە بچینە وڵاتێکی تری ئەفریکایی، بۆ نموونە ویستمان بچین بۆ (زامبیا) چونکە هاوڕێ و ناسیاومان لەوێ هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا نەچووین، هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە بچم بۆ ئەورووپا، چونکە من ئەفریکاییم و سەر بەوێم.

***دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ هەستت بە قورسی کردووە لە پرۆسەی نووسیندا؟**

-نەخێر، بەڵام خەڵک باسی ئەوە دەکەن، ئەم پرسیارەیان لە کەسانی دیکە کردووە، بۆ نموونە لە (دێریک واڵکۆت) کاتێک لێیان پرسیوە (چۆن بەردەوام دەبیت؟) من بۆ خۆم تێناگەم ئەمە مانای چییە، چونکە خەڵاتی نۆبڵ یارمەتیت نادات بۆ نووسینی پرۆژە نوێیەکەت، لە نووسینیشدا شیفات نادات. لەو بڕوایەدام من بەختم هەیە، رەنگە، چونکە کاتێک خەڵاتی نۆبڵم پێ بەخشرا، لە نیوەی پرۆژەیەکی نوێمدا بووم، کاتێک گەردەلولی خۆشییەکان لە دەوروبەرم تەواوبوو، گەڕامەوە بۆ تەواوکردنی نووسینی کتێبەکەی داهاتووم. لەوە دەچێت خەڵک وابیر بکەنەوە، کاتێک نووسەرێک خەڵاتی نۆبڵی پێ دەبەخشرێت، ئەوا بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە (من ئێستا خەڵاتی نۆبڵم بەدەستهێناوە، کەواتە دەبێت شتێکی ناوازە بنووسم و دەبێت زۆر وریا بم)، بەڵام من هیچ نووسەرێک ناناسم وا بیربکاتەوە، ئەمە تەنها تێڕوانینێکی دەرەکییە بۆ مەسەلەکە، هەر واشە.

***لەو بڕوایەدام خەڵک توانای خۆیان پێ سەیرە بۆ بەرگەگرتنی شتی کتوپڕی گەورەو ئەو پێشبینییە مەزنانە، تۆ دەڵێیت چی؟**

-پێم وایە ئەمەشیان بیرۆکەیەکی دەرەکی و رووکەشانەیە، من بۆخۆم ئەم شتەم نەبوو، بەڵام زۆر بۆم گرنگە هەستی کەسانی دیکە بزانم لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتێکی لەم شێوەیە. کێشەکە تەنها ئەوەیە ڕۆشناییەکان لەسەر تۆیەو زۆر دەبیتە

# خۆم دەزانم لە كوێدا سەركەوتوو بووم و لەكوێدا شكستم هێناوە

جێگەی گرنگپێدان. زۆر ئەرک دەکەوێتە ئەستۆت کە دەبێت بیکەیت، بەڵام ئەگەر سەیری نووسین بکەیت، خۆی لە خۆیدا کردەیەکی گۆشەگیرانەیە، چونکە تۆ بە تەنها هەر خۆتی کە دەنووسیت. ناتوانیت هەرکات داوایان لێ کردیت لە بارەی ئەوەوە قسە بکەیت، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵات وەربگریت، تەنانەت گەر زۆر متمانەشت بەوە بێت، لەبەرئەوە دەبێت مرۆڤ فێرببێت چۆن بڵێت (سوپاس) سەرەڕای ئەوەی کە شتەکە واش نییە، لە لایەکی ترەوە ئەو خەڵاتە دەنگێکت پێ دەبەخشێت و دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەوەی ئەو شتانە بڵێیت کە بڕواو متمانەت پێیانە، هەروەها ڕەنگە یارمەتیت بدات بۆ گەیاندنی دەنگ و بیروڕاکانت.

***کاتێک بە شێوەیەکی گشتی باس لە خەڵات دەکرێت، وابزانم (ودی ئالن)ە دەڵێت من هیچ گرنگی نادەم بە پیاهەڵدان، چونکە ئەگەر وا بکەم دەبێت گرنگیی بدەم بە ڕەخنە، منیش دەپرسم ئایا هیچ ڕەوتێکی ڕەخنەیی هەیە لە باشووری ئەفریکادا؟**

-زۆر نییە، لەوێ ناوەندێکی ڕەخنەیی تاڕادەیەک پەسەندکراو هەیە، ئەویش «ڕۆژنامەی یەکشەممە»یە. لەو ڕۆژنامەیەدا ڕەخنەیەکی جدی و ئامانجدار دەبینین، بەڵام لاپەڕەکانی ناوەوەی زۆربەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی تر کە پێیان دەوترێت لاپەڕەی کتێب، ئەو بابەتانەی تێیدا بڵاودەکرێنەوە، هیچیان نە لە دوورو نە لە نزیک پەیوەندییان بە ئەدەبەوە نییە. بۆ نموونە لەوێدا خوێندنەوە بۆ کتێبی چی دەکرێت؟ (کێڵگەی مریشک بۆ دەستپێکەران). خۆی لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە لە لاپەڕەی کشتوکاڵدا بێت! بەڵام هەندێک وادەزانن کۆمەڵێک نووسن لە چوارچێوەی بەرگێکدا دەبێتە پارچەیەک نووسینی ئەدەبی! با بێینە سەر ئەوەی من چۆن سەیری ڕەخنە دەکەم؟ ڕەنگە کەسێک یان دوان هەبن لە دوو شوێنی ئەم جیهانە من ستایشیان دەکەم و ڕێز لە ڕەخنەکانیان دەگرم، بەڵام ئەوانەی دیکەم بۆ گرنگ نییە. ویستم گرنگی بەوە بدەم، بەڵام نەمتوانی، چونکە خۆم دەزانم لە کوێدا سەرکەوتوو بووم و لەکوێدا شکستم هێناوە. لەو بڕوایەشدام کە پێویستە هەموو نووسەرێک خۆی ڕەخنەگرێکی دڵڕەقی خۆی بێت و بەزەیی بەخۆیدا نەیەتەوە.

**سەرچاوە:**

**هكذا تكلمت المراة... احاديث وحوارات، ترجمة: ألياس فركوح، حنان شرايخه، ازمنة للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى- ٢٠٠٥.**



کاتێک لە شاری ئەعدین تۆزێک گەورە بووم، بۆم دەرکەوت جیهانی بیرکردنەوە لەوێ بوونی نییە، تەنها ئەو کەسانەی لێبوو کە چاودێریی یەکتریان دەکردو بووبوونە سیخوڕ بەسەر یەکترەوە. لە ڕێگەی کتێب و نووسراوەکانەوە بە جیهانی بیرکردنەوە ئاشنا بووم